# پەرەسێلکە

14



PARASILKA

پاشکۆی ڕێگای گەل—تایبەت بە منداڵان و تازە لاوان- خاکە لێوەی 1387



# تەجرووبەی یەکەم مردن ( بەشی کۆتایی )

## نووسینی فیدایی شەهید ، هاوڕێ مەرزیەی ئەحمەدی ئۆسکویی



به هەر حاڵ چووینە ژێر کورسی ، بەڵام کورسیەکە تینێکی زۆر کەمی بوو . من دەزانیم کە هاوساکانی وەک میمکی من لە باری خواردن و ئاگر و ئەوانەی تر یارمەتیان دەدەن . « ئەکڵ » بۆ تۆر چنین دوکی دەرەست و بۆیە تەنیا شەوان بۆ خەوتن دەهاتە ماڵەوە . لە ئەو پرسیارم کرد کە : نەوبەر چ کەسێک لە سەرەوەی کورسیەکەتان دادەنیشێ ؟ ( سەرەوەی کورسیەکە سەرقوفڵی تایبەت بە خۆی هەبوو و هەموو کات بۆ گەورەی ماڵەکە چووڵ دەکرا ، لە بەر ئەمە زۆر بە دڵی مندالان بوو ) وتی : هیچ کەس ، ئەدەوێ کی لەوێ دانیشێ ؟ سەرەوەی کورسی ئێمە لە کوێ دایە ، ئەگەر ئەو لایە دەڵی ، لەو لایە « ئەکڵ » دادەنیشێ ، هەر کاتیش ئەو نەبوو من لەوێ دادەنیشم .

خۆش بە حاڵی تو !

بۆ چی خۆش بە حاڵم ؟

لە ماڵی ئێمە هەمیشە برام لە سەرەوە دادەنیشێ ( بە باوکم دەموت برا ) . لە لایەکی دیکەوەش خوشکم دادەنیشێ ( بە دایکم دەموت خوشک ) . ئەوانلە پشتی خۆیان سەرین دادەنێن . دوو لای دیکەیشی کە سەرینی لێ نسە دوو خوشکەکانم لەوێ دادەنیشن . من یان لە سەر کورسی دادەنیشم و یان لە لای خوشکەکانم . بەڵام ئەوان هەر کات ویستیان قرونجک لە من دەگرن و لەوێ دەرم دەکەن و پێم دەڵن ئەمە جێگای ئێمەیە . « نەوبەر » هاج و واج تەماشای منی کرد ، وەک شتێک لە مانای قسەکانی من تێنەگەیبوو ، حەقیش ئەمە بوو کە تێ نەگات . پێشتر وتم کە لە ماڵی ئەوان ئەو وشی « هی من » ، « هی تو »ی نەبیستبوو و بە تەواوی لە گەڵیاندا بێگانە بوو . ئەم قسانەی لە ناو کوچە و کۆڵان زۆر دەبیست ، بەڵام وەک شتێک موحیتی بنەماڵەیی سەرتاپێ پڕ لە خاوەن مڵکایەتی تایبەتی و تاکەکەسی زۆرتر بیر و فیکری مرۆڤ بچووک و تەسکتر دەکاتەوە . باش لە بیرم دێت کە چۆن تەمام کردە بوو لە کورسی دڕاوەکەی « نەوبەر » . گۆمانم لەوێ نیە کە ئەگەر لاێکی لە کورسیەکەیش وەک چەرخە ئاسنیەکە جیا بووایەوە و دەکرا کە بردە بامەی ، بە بێ درەنگ کردن لە سەر شانم دەگرت و دەمبردە ماڵی خۆمان . وەک شتێک چاوەکانم هەموو ئەو شتەی کە « نەوبەر » نەیبوو نەدەتوانی ببینێ و هەموو ئەو شتەی کە هەیبوو بە ئاسانی دەیبینی و هەست و تەمای دەس بەر سەر داگرتنی ئەویان لە دڵم دا پڕ دەکرد ، پاشان ئەگەر چی لە بیرکردنەوەی ئەم هەستەم شەرمەزار دەبووم و ئێستایش هەر شەرمەزارم دوایی لەم دیمەنانە زۆر دەمبینی کە چۆن دەوڵەمەندەکان تەما دەکەن بۆ دەس بە سەرداگرتنی ئەوەی کە هەژارەکان هەیانە و پاشان کە زیاتر تێگەیشتم بینیم کە لە ئەساسدا ژێرخانی جیهانی چینایەتی هەر ئەمەیە .کورسیەکەتان زۆر ساردە ؟

نە ، ئاوایش کە بڵێ سارد نیە ، زۆر باشتر لە دەرەوەیە ، دوێنێ هاوساکانمان نانیان دەکرد ، لە تەنوورەکەیان ئاگریان هێنا و کردنە ناو کورسیەکەمان و کەسێکی تر ئاگری نەهێناوە ، ئەمویست باوەر بکەمە قسەکەی نەوبەر بەڵام زۆر دەلەرزام و نەدەکرا کە باوەر بکەم بەوەی کە لە دەرەوە باشترە .ترسی هەزار پێیش هێشتا لە دڵم ماوەتەوە .

چیتر نەوێسام تاکو نەوبەر بۆم قسە بکات و چوومە ماڵی خۆمان ، فیکری هەزار پێ بۆ ساتێکیش راحەتم نەدەهێشت .
شەو بەرفێکی قۆرس باری . دەرەوە زۆر سارد بوو بەڵام نیوە شەو کە هەستام لە بەر گەرمای کورسیەکەمان عارەقم کردە بوو ،هەر لە خوومەوە کەوتمە بیری نەوبەر ، کورسی ئەوان سارد بوو هەتا ئەگەر خۆدی نەوبەر باوەری ئەوە بوو کە زۆر باشترە لە دەرەوەی ماڵ ، تاکو دوو رۆژ بەرفێک کە لە سەربانی ماڵەکان دەیانکردە ناو کوچە ئەوەندە زۆر بوو و سەرما ئەوەندە زیاد بوو کە من نەمدەتوانی بچمە مەلا گەنجی . رۆژی سێهەم کە چوومە ئەوێ میمکم بینی کە لە گەڵ هاوساکەیان « دڵ ئارام » قسەی دەکرد و زۆر سادە دەیوت : راحەت بوو خوشکە ، لە ناو ماڵەوە تەنیا بوو ، کچیش کە بوو ، سبەینی ئەگەر هەزار بە سەری دا بهاتە بایە . . .
« ئەکڵ »یش راحەت بوو ، کورەکە لە هەر شوێنێک بێت دەتوانێ گلیمی خۆی لە ناو ئاودا بکێشیتە دەرەوە . . .
من هەستم پێکرد کە رووداوێکی ناخۆش بۆ نەوبەر رووی داوە ، پێشتر زۆر بینی بووم کاتێک کەسێک دەمرد ، ئەگەر دەوڵەمەند بوایە تەنانەت ئەگەر پیر و پەککەوتوو بوایە میمکم ، دایکم و یان ژنەکانی تر لە سینگی خۆیان دەدا و دەیانوت ئاخ بێچارە ، بۆ چی مرد . . . ؟ خوا رەحمەتی بکات . . . بەڵام ئەگەر هەژار بوایە ، ئەگەر چی لاو بوایە ، هەروا سادە دەیانوت : راحەت بوو !و ئێستایش قسەی راحەت بوونی « نەوبەر » بوو و راحەت بوونی کچێک کە نەیدەتوانی کەسێک جگە لە « نەوبەر » بێت . دڵ ئارام وتی : لەم دوو رۆژەدا کەسێک نەچووە بۆ سەردانی ئەو و لە ژێر لەحافەکەی دا رەقی بردووتەوە .
دوێنی « ئەکڵ » وتی کە سەرمای بووە ، من ویستم ئێوارە بچمە لای کە میوانمان هات و نەدەکرا بچمە لای ئەو ، بە قوربانی خوا بم ، ئەڵم بە قوربانی مەسڵەحەتت بم ، منداڵی پاکت بۆ هێنایە ئەم دونیایە و بۆ چی بردی و بەم بستە قەدەی هەموو کات دەربەدەری و تەنیایی ، لە ژیاندا چیی بینی ؟ ئێمە چی دەزانین خوشکە ، لەوانەیە مەسڵەحەت لەمەدا بووە .



هەڵبەتە ، ئەی چی ، هیچ کارێکی خوا بێ مەسڵەحەت نیە ، بەڵام ئێمە بەندەکانی کوێریم ، نابینین .
من قسەکانم تێکەڵی قسەکانی ئەوان کرد و وتم :میمی ، نەوبەر مردووە ؟
بەڵێ ، تو بۆ چی لێرەدا ڕاوەستاوی ، بڕۆ ژێر کورسی ، سەرمات دەبێ ، یالا ، ئەویش سەرمای بوو . من هێدی هێدی دەچوومە لای کورسی ، تاڵی یەکەم مردنم تەجرووبە کرد ، زەحمەتێکی نەبوو کە تێ بگەم لە بەر چی نەوبەر مردووە . مەگەر دەکرا سەرما لە ماوەی دوو شەو و رۆژدا مرۆڤێکی ساق و سەلامەت بکوژی . ئاوا شتێک لە مێشک دا ناگونجێ . میمکم ، دڵ ئارام و هیچ کەسێک نەیدەزانی ، تەنیا من هۆی مردنی نەوبەرم دەزانی . لەوانەیە خەوی بردە بێت و دەمی کردە بێتەوە و هەزار پێیش ددانەکانی ئەوی ژماردە بێتەوە و ئەویش مردە بێت ، هەر ئەمە . هیچ کەس جگە لە من ئەم نهێنیەی نەدەزانی و منیش هیچ کات قسەی لە گەڵ کەسێکیتر نەمدەکرد تاکو ئێستا کە بۆ تو دەیگێرمەوە .

# لاپەڕەیەك لە مێژوو

PARASILKA

تازە لاوی ئازیز : لە ژمارەی پێش دا گەیشتینە سەرەتای پێکهاتنی پێکهاتە عەشیرەتیەکان لە ناو کۆمەڵگای کۆمۆنی سەرەتایی دا ، ئێستا و بە دوای باسی پێشوودا سەرنجی ئێوە بۆ خوێندنی بەسەرهاتی کۆمەڵگای ئینسانی تاکو سەرتای دامەزراندنی کۆمەڵگای کوێلەداری ڕادەکێشین .

لە سەرتاوە ، لەم کۆمەڵگایە عەشیرەتیەدا ڕۆڵی سەرەکی و یەکەمی ژن دەگێرا . ئەمە دەورانێک بوو کە بە دەورانی ماتریارکاڵ یان دایک سالاری دەناسرا . بە دوای ئەم دەورانەدا و لە ڕەوتی پەرەساندنی مێژووئیدا ، پیاوان بوون بە خاوەن وەزعی موسەیتەری کۆمەڵایەتی . بەم دەورەیە دەوترا دەورەی پاتریارکاڵ یان باوک سالاری . لە کۆتایی فۆرماسیون و یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنی سەرەتایی ، هاوکات لە گەڵ گەشەکردنی ئاژەڵداری و کشتوکاڵدا ، دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار هاتە ئاراوە و ئاڵوگۆڕ پێکردنی کەلوپەل لە نێوان ئەفرادی عەشیرەتەکان دەستی پێکرد . یەکەمین دابەش بوونی گەورەی کۆمەڵایەتی کار هەمان جیابوونەوەی عەشیرەتەکانی ئاژەڵدار لە یەکتر بوو . بە هۆی پەرەساندنی دوایی هێزەکانی بەرهەم هێنەر ، کاری مرۆڤ ئەوەندەی کە زیاتر بەرهەمی دەهێنا ، نەعمەتەکانی مادیش زیاتر بەرهەم دەهات ، ئامرازەکانی ژیانیش زیاتر و جۆراوجۆرتر دەبوون و ئاست و یان لانی کەمی پیویستی بۆ بژیوی مرۆڤیش بەرزتر دەبوو . بەم شێوەیە ئەم ئەگەرە هاتە ئاراوە کە کاری زیاتری مرۆڤ و بەرهەمی زیاتری کاری مرۆڤ لە لایەن کەسێکی ترەوە دەستی بەسەر دابگیردرێ . کۆمەڵگا چەوساندنەوە و شێوە و شێوازی نوێی بەرهەم هێنانی لە ناوخۆی خۆی پەروەردە دەکرد . پەیوەندیەکانی یەکسان و هاوکاری و هاوبەشی لە مڵکایەتی چیتر دەرفەتی بە پەرەساندنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر نەدەدا . سوود وەرگرتنی تایبەتی و یان تاکەکەسی ، کاری تاکەکەسی و ئالوگۆڕ پێکردنی کەلوپەل بووە هۆی پەیدا بوونی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی یان تاکەکەسی و جیاوازی لە داهات و پاشان پەیدا بوونی چینەکان و لە کۆتایی دا چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤێکی ترەوە . هاتنە ئارای خاوەن مڵکایەتی تایبەتی یان تاکەکەسی و ئاڵوگۆڕ پێکردن ، بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بەرە بەرەی کۆمەڵگای هاوبەشی سەرەتایی . گروپ و دەستەکانی تایبەتی خاوەن داهاتی تایبەت و مەوقعیەتی کۆمەڵایەتی تایبەت ( بە هۆی ڕێبەری نیزامی و پاراستنی شەبەکەکانی ئاودێری و سەرپەرەستی کردنی کاروباری گشتی عەشیرەتەکان ) ، بەرە بەرە بوون بە چینی نوێی چەوسێنەر .شێوە و شێوازی بەرهەم هێنانی نوێ واتە کوێلەداری یەکەمین فۆرماسیون و یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابووری لە سەر ئەساسی چەوساندنەوە لەم دەورەیەدا بە دواوە پێک هات .



لە ژمارەی داهاتوودا پێکهاتەی کوێلەداری و بەرجستەترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەم دەوران واتە بزووتنەوەی کوێلەکان بە دژی کوێلەداران بە ڕێبەری ئیسپارتاکوس باسی لە سەر دەکەین .

# ئالاهەڵگرانی پەیکاری سەرسەختانە و خوێناوی چریکی فیدایی



بیژەن خەباتی سیاسی خۆی لە کاتێک دەس پێکرد کە منداڵ بوو ، ئەو لە ساڵی 1316ی هەتاوی لە شاری تاران لە دایک بوو . ئەو کاتەی کە زیاتر لە 10 ساڵ تەمەنێ نەبوو واتە لە ساڵی 1326ی هەتاوی بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی توودە ، لەو سەردەمە مەرجەکانی ئەندام بوون لە ڕێکخراوی لاوان لانی کەم دەبوایە 13 ساڵ تەمەنت بوایە . بەڵام لەو ساڵەدا بە هۆی چالاکی و حەز و ئارەزوی فراوان ، بۆ چەند لاوی تەمەن کەمتر لە 13 ساڵ حەوزەیکی تایبەت دامەزرا کە بیژەن یەکێک بوو لە ئەندامانی حەوزەی ناوبراو . کەش و هەوای ساڵەکانی بیست بەولاوە ، هەل و مەرجەکانی کاتی شەڕ کە بنەماڵەی ئەو بە شێوەیکی دیاریکراو گیرودەی بوو ، کۆچ کردنی بە زۆرەملی باوکی ئەو بەرەو یەکیەتی سۆڤیەت بە هۆی هاوکاری کردنی لە گەڵ فرقەی دیموکرات و کەش و هەوای سیاسی بنەماڵەی کە بیژەن لەوێدا گەورە بوو ، هەموو ئەو هۆیانە بوون کە تەعسیرێکی حەتمیان هەبوو لە سەر ئاستی زانستی و تێگەیشتنی ئەو .

پاش ئەوەی کە حیزبی توودە لە ساڵی 1327ی هەتاوی قەدەغە کرا ، بیژەن چووە ناو یەکەم قۆناغی خەباتی نهێنی خۆی لە ژیانیدا و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا زیاتر لە یازدە بەهار لە ژیانی کورتی تێ نەپەری بوو . لەم کاتەدا ئەو بە ناوی پەیوەندی لە نێوان کادیرەکانی نهێنی حیزب چالاکی ماندوو نەناسانەی دەس پێکرد . ساڵەکانی 29 تا 33 تێکۆشان لە رووبەری ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوانی حیزبی دیموکراتیش بەم زنجیرە چالاکیانە زیاد کرا .

پاش کودیتای 28ی گەلاوێژ ماڵی ئەو و خالوەکانی لە چوار سەد دەزگا کە بە ناوی کلوپی سیاسی بۆ دۆست و دوژمن ناسراو بوو کەوتە بەر هێرشی پۆلیس و بەکرێگیراوانی فاشیست ، هیوای بیژەن بە گۆڕانی سیاسەتێکی ڕێک و بڕندە لە لایەن حیزبی توودە لە بەرانبەر ڕێژیمی کودیتا بە خێرایی بوو بە ناهۆمیدی و ئەو لە خەباتی خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی بەلاڕێ چوونەکان و هەڵەکانی جیددی حیزبی توودە گەیشتە سنووردانانی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی کە دەبوایە دوایی ببێتە هۆی بناغەدانانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران .

یەکەمین دەسگیر بوونی بیژەن چەند مانگ پاش لە کودیتا بوو ، بەڵام ماوەی گیرانی ئەو بە هۆی تەمەنی کەم و بڕوا نەکردنی دەزگا ئەمنیەتیەکان بە نیسبەت لێهاتوویی خەباتگێرانەی تازە لاوێک لە تەمەنی ئەو ماوەیکی زۆری نەخایاند . چەند مانگ بە دوای گولانی ساڵی 1333ی هەتاوی دیسان لە هێرشێکی بەربلاو ئەویش دەسگیر کرا . بەڵام خۆ تێک نەدانی ئەو لە بەرانبەر لێکولێنەر بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمجەدی وەک جەلادی فەرمانداری

نیزامی بە منداڵ بوونی ئەو بەزەیی بێت و ئازادی بکات . لە پائیزی ساڵی 1333ی هەتاوی بیژەن سەر لە نوێ دەسگیر کرا و ئەم جارە بە شەش مانگ زیندانی مەحکوم کرا .

ئازاد بوونی ئەو لە بەهاری 1334 ی هەتاوی ریک کەوت بوو لە گەڵ لافاوی پاکانە کردنەوەکانی بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی توودە و هەروەها لاوازی و ترسی زۆرینەی ڕێبەرانی دەسگیر کراوی ئەم حیزبە .بیژەن ریزی خۆی لەمانە بە تەواوی جیا کردەوە و لە گەڵ هاوریان حەسەن زیا زەریفی ، عەلی ئەکبەر سەفائی فەراهانی ، حەمید ئەشرەف ، مەشعوف کەلانتەری ، عەباس سورەکی ، محەمەد چوپانزادە و چەند کەسێکیتر لە هاوریان گروپێکی نەهێنیان دامەزراند ، بەشداری چالاکانەی گروپ لە مانگرتنەکانی کرێکاری ( بلورسازی هاشمی ، کورەخانەکان ) و نارزایەتیەکانی سینفی خوێندکارانی زانکۆ ئەزموونەکانی پڕ بایەخیان لە بەردەست ئەوان دانا . یەکەمین گۆڤاری گروپ بە شێوەی پولی کوپی لە خاکەلێوەی ساڵی 1338 ی هەتاوی بلاو کرایەوە ، بەلام بە دەسگیر بوونی یەکیک لە ئەندامانی گروپ و زانینی پۆلیس لە بوونی گۆڤار و لە ئاکامدا ئەگەری ئاشکرا بوونی گروپ چاپی ئەو ڕاوەستا . ڕۆلی بیژەن چ وەک ڕیکخەری گروپ و چ وەک دارێژێنەری شێوازی ئەو بە شێوەیکی تایبەتی زەق بووەوە . لێهاتوویی ئەو لە مەودای دەورانی خوێندن لە بەشی فەلسەفە لە کولێژی ئەدەبیاتی تاران . ئەوی وەک یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکو ناساند و بەم شێوەیە حەساس بوونی ڕێژیم و دەزگا ئەمنیەتیەکانی جۆراوجۆر بە نیسبەت بیژەن بە تەواوی هەستی پێ دەکرا . بە دوای چەند دەسگیری سەر ئەنجام بیژەن لە دادگایکی نیزامی لە پەیوەندی لە گەڵ چالاکیەکانی خوێندکارانی زانکو بە 9 مانگ زیندانی مەحکووم کرا .بیژەن لە ساڵی 1342ی هەتاوی لە بەشی فەلسەفە وەک خوێندکاری یەکەم لە زانکوی تاران بڕوانامەی خۆی وەرگرت .

لە خاکەلێوەی 1342 پاش کۆکردنەوێکی بیرورا ، گروپ وەک ڕێکخراوێکی سیاسی نیزامی خۆی ناساند و درێژە بە چالاکیەکانی دا .

پائیز و زستانی 1346 بیژەن لە تێکۆشانێکی بێوەچان بۆ دابین کردنی پیویستیەکانی تەداروکاتی و نیزامی لە جەریانی ئەم زنجیرە کردەوانە بوو کە بیژەن لە گەڵ هاورێ سورەکی دەسگیر کرا پۆلیس لە ڕێگای زانیاریەکانی خۆ فروشێک توانی تا ڕادەیێک هەست بە بوونی گروپ بکا . بیژەن کەوتە ژێر وەحشیانەترین ئەشکەنجەکان ، دەزگای ئەمنیەتی کە پێشتر بە باشی بیژەنیان لە پەیوەندی لە گەڵ چالاکیە دیموکراتیکەکان دەناسی ئەم جارە لە گەڵ مەسەلەیێکی تازە بەرەو روو بوو دابین کردنی پێویستیەکانی خەباتی چەکدارانە و شەڕی چریکی شاری تەواوی شێوازەکانی ئەشکەنجەگەران بۆ کردنەوەی گەنجینەی زانیاریەکان کە بیژەن لە سینگی خۆی دەیپاراست ، لە بەرانبەر ئیرادەی پۆلائین و عەشقی پاک و بێ هاوتای ئەو بە خەڵک هەر وەک ئەداو ئەتوارەکانی نەفرەت لێکراوی هێندیک دەڵقەکی ناشارەزا لە بەر چاو دەهات . لە دادگای نیزامی ، دادستان بۆ بیژەن و 7 کەسیتر داوای ئیعدامیان کرد بەلام بە هۆی تەوژمی بیر و بۆچوونی گشتی لە بەسیج و ئۆرگانەکانی مافی مرۆڤ وەک ڕێکخراوی لیبوردنی نیونەتەوەیی و هەر وەها قبوول نەکردنی ڕێژیمی شا بە نیسبەت ئیعتراف لە پەیوەندی لە گەڵ بەربەرەکانی جیددی لە بەرانبەر خۆی دا ، دادگا بڕیاری 15 ساڵ زیندانی بە سەر داسەپاند .

بیژەن تاکو خاکەلێوەی 1348ی هەتاوی لە زیندانی قەسر و پاشان بۆ زیندانی قۆم دوور خرایەوە هاوکات لە گەڵ حەماسەی سیاکەڵ و خرۆشی لە دایک بوونی ڕێکخراوی پڕ لە شانازی چریکەکانی فیدائی گەلی ئێران بیژەن گوێزرایەوە زیندانی ئێوین و دووبارە کەوتە ژێر ئەشکەنجە و ئازار ، ئەو لە مەودای دەورانی زیندان دا سەرەڕای چاوەدێری ،

بەردەوامی ساواک , پۆلیس و سیخۆڕانی ئەوان دەستی دایە شـیکردنەوەی مێـژوویی چـینایەتی کۆمــەڵگا , بناغــەی ئیستراتژی پەیکار دژی دیکتاتۆری ڕێژیمی شا دانا و خەریکی روون کردنەوەی سنووردانانی سیاسی و تیئوریکی چریکەکانی فیدائی لە گەڵ بیر و بۆچوونەکانی بەلاری چووانەی جیهانی و ناو خۆیی بوو و لەم بوارە دا دەیان کتێبی پڕ لە بایەخی نووسی .

کە هەر کام لەوانە چرای ڕێگا لە بەرانبەر ڕێبوارانی ڕێگای دیموکراســی و عەداڵــەتی کۆمەڵایــەتی و سوســیالیزم دەژمێردرا و دەژمێردرێ . ئەو لەم دەورانەدا ڕێکخستنی خەبات دژی ڕێژیمی شا لە زیندانەکان بە ئیرادەیێکی پتەو بەرەو پێش دەبرد و لە هەر سلوولێکی بچووکی زیندان دەکردە سەنتەرێک بۆ پەروەردە و فێرکردنی نەسلێک لە کۆمۆنیستەکانی وڵاتەکەمان . پێک هێنان و پەرە پێدانی پەیوەندی زیندان لە گەڵ دەرەوە وە پێک هێنانی بەشێک بۆ خەباتە سینفی سیاسیەکانی زیندانیەکان بەشێکی جیایی هەڵنەگر لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو لە جێگایێک بوو کە بە بڕوای بەڕێوەبەرانی ئەو دەبوایە جیابوونەوەی زیندانی لە کۆمەڵگا و لە ژیانی کۆمەڵایەتی دابین بکات .

سەر ئەنجام ڕێژیمی شا لە جینایەتیکی ترسەنوکانەدا هاوڕێ بیژەن جەزەنیی لە گەڵ 6 فیدائی و 2 موجاهید کوشت ڕێژیم بە باشی دەیزانی کە کەسێک کە لە سێهەمی خاکەلێوەی 1354ی هەتاوی دەست و چاو بەستراو لە پشتەوە بە گوللە دەبەستێ ڕەنگدانەوەی فیکری و وێنەکە لە بزووتنەوەیێکی مادی لە نێوان کۆمەلانی خەلک کە ئیرادەی کردووە تیشە بە ڕیشە لێدانی بێ بەش کردنی ئەم بزووتنەوەیە لە پێشرەوی خۆی بێ سەر کردنی ڕێکخراوی پێشرەو ڕیگا حەلێک بوو کە شا و ئەربابەکانی بیانی ئەو هەڕەشەی داهاتوو بەو شێەیە وەڵام دەدانەوە و چ تاڵ کە کردەوەی ڕەشی ئەوان ئەگەر چی لە بەرپەرچدانەوەی خەتەری لە ناوچوونی خۆیان کاریگەر نەبوو , بەڵام توانی پرۆسەیێکی گەشە ئەستێنەر و پەرەگرتوو لە خیرایی خۆی خاو بکاتەوە , ئەم پرۆسەیە ڕاوەستانی نیە . لەم ڕێگایەدا بیژەن هەنگاوی هەڵگرت و جێگە پێەکانی ئەو هەروەها ماوەتەوە تاکو ڕێبوارانی بانگەواز بکات , ڕێنوینیان بکات و درێژەی هەبێ .

یادی بەرێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار بێت

## جگەرتانین

جگەرتانین ، ساواتانین ،
گوڵی باخچەی هیواتانین ،
بزەی ناو بێشکەین بۆ دایکان ،
ڕووناکیی چاوین بۆ باوکان ،
هێزی دوارۆژی ئینسانین
بەکەڵك ئەبین هەروەك جوانین
ماوە مەدەن شەیتانی شەڕ ،
دەزگای کینەی بخاتە گەڕ ،
بە چەخماخەی تیشکی ئەتۆم
ئێسقانمانتان بۆ بکا بە مۆم !
ماوە مەدەن بێشکەی منال
گڕ تێ بەربێ وەك کۆی زوخال
ماوە مەدەن ڕووی ئەرز هەموو
بێتە هێلانەی بێ بێچوو ! ..

**گوران**



# تاوانبارکیه ؟

## تاوانبار کیه ؟

ئێران له ریزی ئەو ولاتانە دایە کە مافی منداڵان لە وێدا بە شێوەیێکی بەربلاو پێشیل دەکرێ و کارنامەی رێژیمی ئیسلامی دەسەڵاتدار لەم زەمینەیەدا زۆر رەش و قورسە .رێکخراو و بنیاتەکانی ناوچەیی و نیونەتەوەیی مافی منداڵان لەم بوارە دا بەڵگەی زۆریان لە دەست دایە .چەوسانەوەی منداڵان لە ئاشکراترین شێوەی ئەو لە هەمان سەرەتای دامەزرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد و هەروەها بەردەوامە .

نموونەی زۆر ئاشکرا و روونی ئەو سوود وەرگرتن لە کاری منداڵانە , رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران لە چەوساندنەوەی منداڵانیش قازانجی مادی وەردەگرێ . سەرنجدان بە بابەتی منداڵان یەکێکە لە گرفتەکانی دلتەزینی کۆمەڵگای ئێران . سیستەمێک کە لەوێدا منداڵان دەبێ بە پاڵپشتی بارودۆخی ئابووری بنەماڵەکانیان رۆژگار تێپەر بکەن و دەسەڵاتیش خۆی لە بەرانبەر گرفتی منداڵان بەرپرس نازانێ ، بە لە بەر چاوگرتنی ئەمەی کە لە ئیران دا سەدان هەزار مندالی سەر شەقامەکان بوونیان هەیە , ملیونەها کەس لە منداڵان بە هۆی هەژاری و نەداری لە خۆیندن بێ بەش و لە هەژاری و بێ بەشی تەواو دا دەژین , رێگایێکی تریان نیە جگە لەوەی کە بۆ زیندوو مانەوە مل کەچی کۆیلایەتی بن و کاری تاقەت پڕۆکێن بکەن. ئەمرۆکە کاری منداڵان لە کۆمەڵگای ئیراندا, کۆمەڵگایێک کە زۆرتر لە 80 لە سەدی لە ژێر هێلی هەژاری ژیان بە سەر دەبەن شتێکی سروشتی دەژمێردرێ. ئەم گوڵە لاوانە هێشتا نە کراونەتەوە کە بە هۆی زەختەکانی دەرونی و جیسمی و دڵەراوکەکانیتر پەرە پەرە دەبن . گرێنگترین هۆکاری کار کردنی منداڵان پەرەسەندنی هەژاری و نابەرابەری لە کۆمەڵگا دایە. منداڵیک کە پێش لە خوێندن و فێر بوون خەریکی کار دەبێ ناتوانی ببوژێتەوە و هێزی خوڵقینەری شاراوەی خۆی نیشان بدات لە حالێکدا ئەگەر لە لانی کەمی ئاسوودەی بەهرمەند بێت خویندەواری ببایە ئاوا شتێک رووی نەئەدا .

دەیان هەزار منداڵی تەمەن ژێر 15 ساڵ بەشێک لە حەشیمەتی خەریکی کاری ولاتن کە بەشێکی گرێنگ لەوان لە هەل و مەرجی باشی کار, ژیان و خوێندن بێ بەشن . زۆر منداڵی تەمەن 10 تا18 ساڵ لە بەشەکانی پیشەیی, وردە فرۆشی, چاککردنەوە, گواستنەوە و ماسی گرتن خەریکی کارن . لە لایێکی ترەوە دەیان هەزار قوتابی پاش تەواو کردنی قۆناغی خوێندنی ←



ناوەندی ناتوانن بچنە قۆناغی ئامادەیی و بەرەو بازارەکانی کاری رەسمی و نیوە رەسمی لە شار و لادیەکان دەچن . نیۆەی ئەو کەسانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە بریتین لە کچان, بۆیە هەتا ئەگەر ئەم وتەی بەرپرسانی رەسمی رێژیمیش کە تێ دەکوشن لانی کەمێک لە راستیەکان رابگەێنن تاکو رێژیمەکەیان بێ بەلا بێت و هەروەها نەکەونە بەر رق و بێزاری بەرپرسانی سەرەوەیان, بکەین بە ئەساسی هەڵسەنگاندنمان, دیمە نێک لە بارودۆخی کار و ژیانی دڵتەزینی منداڵان لە پێش چاومان ئاشکرا دەبێت. کۆمەڵگایێک کە زۆرتر لە 80 لە سەدی ئەو بە دڵەراوکە, مەترسی و بێ ئاسوویی ژیان بە سەر دەبەن, کومەڵگایێک کە لەوێ دا نیوەنجی تەمەنی « لەش فرۆشی » و « راوەستانی دڵ » گەیشتووەتە 20 ساڵ ! ئایا ئەمە کارەساتێکی دڵتەزینی مرۆڤایەتی نیە پەس چیە ؟

کاری منداڵان پەیوەندیی هەیە بە ئابووری رەسمی کە لەوێ دا بە شیوەی نای اسایی منداڵان دەچەوسیننەوە و سەرجەم خەریکی کارەکانی سەخت و پر لە مەترسین, وەک کار لە کارگەکانی چاککردنەوەی ئوتومبیل, کارخانەکان, پیشە دەستیەکان, کارگەکانی ماشینی و پیشەیی و کارگەکانی قاڵی چنین کە بە لە بەر چاوگرتنی یاسای نیونەتەوەیی کار کە بە پێ ئەو دا هیچ کەسێک کە تەمەنی خوارەوەی 15 ساڵ بێت نابێ بە رەسمی کار بکات, کار کردنی منداڵان لەم بوارە دا بۆ خاوەن کار تاوان دەژمێر دری. ئەمە لە هەل و مەرجێک دایە کە خاوەن کارەکان دەڵێن: هەرچی تەمەنی کرێکاران کەمتر بێت باشترە چوونکە حەق دەس و مافی کرێکارانی ئاسایی بە ئەوان نادرێت.

بە پێ راپورتە جۆرا و جۆرەکان, تەمەنی منداڵانی قاڵی چن, کە یەکێک لە کارە باوەکانی منداڵانە, 7 تا 15 ساڵە کە هەر رۆژ 12 کاتژمێر لە هەل و مەرجی زۆر خراپ کار دەکەن. یەکێک لەو بابەتانەی کە هەستی مرۆڤ بە نیسبەت کاری منداڵان بریندار دەکات, دەس درێژی جینسی لەوانە دایە کە زۆرتر لە کارەکانی شەوانە و ئەو شوێنانەی کاری بە کۆمەڵ لێ دەکرێ, روو دەدات. لە ئاوا هەل و مەرجێکی دڵتەزین بۆ منداڵان کە هەمووی دەگەریتەوە هۆی هەژاری و بێ بەشی . هەموو کەسێک دەزانێ کە ئیران ولاتێکی دەوڵەمەندە و لەوێدا ئەوەندە ئیمکانات و سەرچاوەی ژێر زەوی و سامان هەیە کە پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و دەرمان بە خۆرایی بێت. هەموو کەس خاوەن خانوو بێت و کەسێک بە برسیەتی شەوان نەخەوێ . ئێستا بۆ خەڵکی ئێران کەوتووتە ئەم رۆژە رەشە دا ؟ دەبێ سیستەمی دەسەلاتدار تاوانبار بناسین . سیستەمێک کە, کەمترین بونێکی لە «ئازادی » و «عەدالەت» نەبردووە .

## بەرنامەی کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران

قەدەغە کردنی کار بۆ منداڵان و لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ.

دانی هەزینەی مام ناوەندی ژیان و خوێندن بۆ منداڵانی زۆرتر لە 2 نەفەر تاکو دەگەنە تەمەنی 18 ساڵان.

پارێزگاری یاسایی لە منداڵانی بێ باوک و دایک.

بەهرەمەند بوونی منداڵان لە خواردن و خزمەتی تەندروستی بە خۆرایی.

مافی کەڵک وەرگرتن لەخانەی منداڵان و شیر خوارگەکان بۆ پارێزگاری لە منداڵان لەکاتەکانی کارکردنی دایک و باوکیان.

دابین کردنی کەل و پەلی وەرزشی، سەیران و شوێنی کایە کردن بۆ منداڵان و تازەلاوان.

Parasilka_87@yahoo.com